# پیرۆزبێت هەڵکردنی ئاڵای کوردستان
# لە کەرکوک

بە بۆنەی پەسەندکردنی بڕیاری هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکوکی کوردستانیدا.. کە لە رۆژی سێ شەممە (٢٨ی/ئـادار/٢٠١٧) لەلایەن زۆرینەی دەنگەکانی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوکەوە پەسەندکرا .. ئەم رۆژە خۆشترین رۆژی کەرکوکییەکانە، رۆژێکی مێژوویی نەمر و شکۆدارییە لە مێژووی گەلەکەمان، هێنانەدی هیوا و خەونێکی گەلەکەمانە.

بە ناوی سەرجەم ئەندامانی (کۆمەڵەی منداڵانی کورد ـ لە نەرویج) جوانترین پیرۆبایی لە هەموو کوردێکی کوردستان پەروەر دەکەین لە کوردستان و لە هەر شوێنێکی هەندەراندا بن.. پشتگیری خۆشمان بۆ پەسەندکردنی ئەم بڕیارەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک رادەگەیەنین و، بە بڕیارێکی دەستتووری و بە هەنگاوێکی بوێرانەی مێژوویی نەتەوایەتیمانی دەزانین.. ئەمەش مافێکی رەوا و دەستووری گەلەکەمانە.. نا دەستووری نییە و دژی هیچ لایەن و نەتەوەیەکی تر نییە.

بە گەرمی ئافەرین و دەستخۆشیش لە پارێزگاری کەرکوک و لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک دەکەین.. پەسەندکردنی ئەم بڕیارە بوو بە مایەی رێز وشانازیی تا هەتایە بۆیان.. ئەمڕۆ دەبێتە رۆژێکی پیرۆز و یادەوەرییەکی نەمر بۆ نەوە لە دوای نەوەی کەرکوکییەکان بە تایبەتی و هەموو خەڵکی کوردستان بە گشتی.

تا هەتایە شەکاوەبێت ئاڵای رەنگین و پیرۆزی کوردستان لەسەر قەڵا دێرین و سەرکەشەکەی کەرکوکی کوردستانیدا.. لەسەر تەلاری پارێزگا و لەسەر هەموو دایرەکان و قوتابخانەکان و دامودەزگاکانی کەرکووک.


رەزا شوان

سەرۆکی کۆمەڵەی منداڵانی کورد ـ لە نەرویج


نەرویـج: (٢٨ی/ ئادار/٢٠١٧)